# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە دەرەوەی وڵات 1984-1998

ئەم نووسینە نزیکەی ساڵێك پێش هەڵەبجە لە گەڵ یەکەم بەکارهێنانی گازی کیمیاییدا و توندبوونی شاڵاوی وێرانکردن و قڕانکردنی بەعس نووسراوەو هەوڵ دەدا رەوشەکە و هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان شی بکاتەوە. لە مایسی 1987 دا نووسراوەو ژمارە 3 ی گۆڤاری مەڵبەندی 1987 دا بڵاو کراوەتەوە.

*************************************

## (9) کوردستان بەرامبەر چەکی کیمیاوی دەوەستێ!

43 ساڵێك لەمەوبەر، هیتلەر بە بێ ئارامی و بێ حەوسەڵەییەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دروستکردنی چەکی کیمیاوی دەکرد، تا لە دژی هەموو (دوژمنەکانی)، هەموو جهیان، بەکاری بێنێ و خەونی ئیمپراتۆریەتێکی ئەڵمانی جیهانگیر، و نەمر بەدی بێنێ.
هیتلەر گۆڕبەگۆڕ بوو.... هاوتاوانانی هیتلەر، یان بە چارەنووسی ڕەشی خۆیان گەیشتن، یان هێشتا هەر رق و نەفرەتی مرۆڤایەتییان بە دواوەیە و کونە مشکیان لێ بۆتە قەیسەری. بەڵام شاگردەکانی هیتلەر، دوای 43 ساڵ، سەلماندیان کە دڵسۆزن بۆ پەیامەکەی و درێژە پێدەری زنجیرەی تاوانەکانی ئەون.
ئەمساڵ لە مانگی نیساندا، مانگی گوڵان و دڵان، ئەو مانگەی کە جوانی سروشت بەشێنەیی بارگەی دەپێچێتەوە و خۆی کۆدەکاتەوە و کوردستان دەکاتە سەیرانگا و هەوار، لەو دەمەدا، تەیارەکانی ڕژێمی نازیستی بەعس، وەك عادەتی ڕۆژانەی خۆیان، جارێکی دی ئاسمانی کوردستانیان شێواندەوە.. بەڵام ئەم جارە وەك هیچ جارێکی تر نەبوو... ئەم جارە گازی کیمیاییان پێ بوو تا بە کوردستانی وەرکەن و گیان لەبەر و ژیان لەبەر نەهێڵن و مەرگنامەی نیشتمانێك بنووسن!!
لە 14ی نیساندا، گوندە دێرین و بە پیت و بەرهەم و دڵڕفێنەکانی یاخسەمەر و هەڵەدن و بەرگەڵو و سەرگەڵو و چاڵاوە و چنارە و نۆڵەچکە و ئاوەژێ و سیروان و کانی توو لە ناوچەکانی سلێمانی کەوتنە بەر هێرشی گازی کیمیایی. لە 15 و 20 ی مانگیشدا دێیەکانی ناوچەی بالیسان و کانی بەردە و زینێ و بەڵاڵوکان و شێخ وەسان و دێیەکانی زنجی رە شاخی دەرەشێر و ناوچەی ساوسیوەکان لە هەولێر کەوتنە ژێر پەلاماری گازی ژەهراوی. لە ئەنجامی ئەم تاوانە بێ وێنەدا، دێی شێخ وەسان بە تەواوی شەهید کرا... سەدان کەسی تریش بوونە قوربانی، چەندان خێزان قڕانیان تێ خرا.

لە هەمان کاتدا، ڕژێمی نازی بەردەوامە لەسەر شاڵاوی وێرانکردن و سوتاندنی کوردستان و ڕاگوێزانی دانیشتوانی بۆ بیابانە بێ ژیانەکانی سنووری ئەردەن و سعودییە... ژمارەی ئەو دێیانەی لە مانگی نیسانەوە تا حوزەیران وێران کراون لە 300 دێ تێپەڕاندووە. هەر وەکو زانیارییەکانی حیزبە نیشتمانیەکان نیشانی دەدەن.
ژمارەی ئەو دێیانەی لە ساڵی 1987 وە وێران کراون گەیشتۆتە (3000) دێ... ڕووبەری(13650) کیلۆمەتری چوارگۆشە بە تەواوی وێران کراوە، ئەو ناوچانەی ئێستا لە ژێر شاڵاوی وێران کردندان (9787) کیلۆمەتری چوارگۆشەن و ڕووبەری (4560) کیلۆمەتری چوارگۆشە لە پارێزگای هەولێر و (2200) لە پارێزگای دیالا بە ڕەسمی ئاگادار کراون کە ئامادە بن بۆ وێران کردنی دێهاتەکانیان و گواستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق.
بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گەلی کورد، توند کردنی شاڵاوی لە ناوبردن و دانانی ساڵی 1987 بە ساڵی لە ناوبردنی بزووتنەوەی کورد، دیاردەیەکی تازەی گرنگە کە لایەکەوە جەوهەری فاشیانە و رقی رەگەز پەرستانە و نازییانەی ڕژێمی بەعس دەرهەق گەلی کوردمان دەدرەخا و لە لایەکی تریشەوە نیشانەی هار و هاجی و تۆقان و وەر بەردانیەتی بە چەشنێك کە لە پێناوی مانەوەدا پڕ بە هەموو شتێکدا دەکا و پەنا بۆ هەر تاوانکارییەك دەبا.. تەنانەت ئەگەر صەددام چەکی ئەتۆمیشی هەبایە بە کارهێنانی ئاسایی دەبوو.. گەر فاشیستیك ئامادە بێ بڵێ (یان من یان عێراقی خاکێکی بێ مرۆڤ!) ئامادەشە بڵێ یا من یا جیهان!!
بەم چەشنە، بزووتنەوەی کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورە بۆتەوە:
یەکەم: ڕژێم جەنگی دژ بە کوردی گەیاندۆتە ئاستی قەلاچۆ کردن (جینۆساید)...
دووەم: لە ئاستی ئەم واقیعە دژوار و ستەمکارەدا، بزووتنەوەی کورد لە بەرز کردنەوەی درووشمە کلاسیکییەکەی (کوردستان یان نەمان) بەولاوە، هیچ ئیختیارێکی دیکەی لە بەردەمدا نەماوە.. بە تایبەتی تا صەددام بمێنێ.. واتە بزووتنەوەی کورد دەبێ ئامادە بێ شەڕی مان و نەمان بکا، هەر وەکو چۆن هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی رزگاریخوازی دژی داگیرکەران کردوویەتی (جەزائیر، کوبا، ڤێتنام... هتد).
لیرەدایە، کۆمەڵە پرسیارێکی سەخت، درەنگ وەخت، چارەنووس ئاسا، بەرەوڕووی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی خواروودا بە (تایبەتی) دەبێتەوە.

- ئایا بزووتنەوەی کورد پێشتر پێشبینی ئەم بارە نالەبارەی کردووە و هەنگاوی بۆ بەرامبەر بوونەوەی هەڵگرتووە؟
- ئایا بزووتنەوەی کورد لەو ئاستەدایە شەڕی مان و نەمان بکا و بە ئەنجامی بگەیەنێ؟
- ئایا هەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەم جۆرە خەباتە ئامادەن؟
- ئایا ئامانجی سەرەکی شەڕی مان و نەمان دەبێ چ بێ؟ مانەوە، رزگاریی تەواو، ئۆتۆنۆمی، یان هاتنەوە سەر سفر؟!
- ئایا بەرپا کردن و درێژەپێدانی ئەم جۆرە خەباتە، لە چوارچێوەی شەڕی عێراق و ئێران و جیهانی بوونی ئەم شەڕەدا، چ دەگەیەنێ؟

- ئایا گەلی کورد بە تەنیا دەتوانێ شان بداتە بەر ئەو جۆرە خەباتە، یان دەبێ دۆست و هاوپەیمانی هەبن؟ ئەو دۆست و هاوپەیمانانە کێن؟ دەبێ کێ بن؟.

بە کورتی ئایا بزووتنەوەی کوردی (ستراتیجیەتێکی زانستی بەرنامەکراوی بۆ ئەم جۆرە خەباتە ئامادە کردووە؟.

ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە لەم کورتە وتارەدا وەڵامی ئەو پرسانە بدەینەوە. بەڵام تەبیعەتی پرسیارەکان خۆیان ئەوە دەستنیشان دەکەن کە هەر وەڵامێك، هەر هەنگاوێك لە ئاقاری وەڵامدا، بەبێ ستراتیجییەتێکی کوردی یەکگرتوو (لەمەوە خەباتی یەکگرتوو، سیاسەت و رێکخراوێکی فراوانی یەکگرتوو - و بەبێ هاوپەیمانییەکی فراوان کە لە چوارچێوەی هێزی خۆیی کورد تێپەڕ بکا، مومکین نابێ. واتە دوو پێداویستی مێژوویی بە پەلە و چارەنووس گەرییانە رووبەرووی هێزەکانی نیشتمانی کورد بۆتەوە:

1.یەکخستنی ستراتیجی خەبات.

2.هەوڵدان بۆ (جیهانی کردنی) مەسەلەی کورد.

ئەم دوو پێداویستییە پێکەوە بەستراون. تەواوکەری یەکترین. بەڵام گومانی نییە کە دووەمیان ئەنجامی یەکەمە بە بێ ئەو بەرهەم نایە.

مانەوەی مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی کورد لە ناو جوغز و چوارچێوەیەکی (مەحللی تەسکدا، ئەنجامی سەرنەکەوتنێکی لە بەدیهێنانی ئەو دوو مەبەستەدا و لەمەوە بەدی نەهێنانی ئەنجامێکی کۆنکریت بەرەو رزگاری نیشتمانی لەگەڵ زۆر و زەبەندی قوربانییەکانی و سەختی خەباتەکەیشیدا.. هەندێ هۆ و هۆکار و هەلومەرج هەن کە دووپاتە کردنەوەیان زیاتر بە مەبەستی پاکانە بۆ کردن و داپۆشینی شکستییەکان بۆتە بنێشتە خۆشەی ژێر ددان، وەك شوێنی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی کوردستان، دووری لە دەریا و دەوردانی بە رژێمەکانی داگیر کەر. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەر دەبێ لە جوغزێکی بۆشی بێ هۆدەدا بخولێتەوە..

ئەگەر بزووتنەوەی کورد هەلومەرجە خۆییەکانی تەواو کردبایە، ستراتیژ و کەسێتی ئاشکرا و روون و درووشمی خۆی هەبایە، گومانی نییە دەیتوانی شوێنی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی گرنگی کوردستان بۆ بەرژەوەندی و پێشکەوتنی خۆی بە کاربێنێ..

مانەوە و خۆڕاگرتن و تەنانەت بەهێز بوونی عەسکەری رژێمی بەعس لە ماوەی ئەم شەش ساڵ و نیوەی شەر لەگەڵ ئێراندا، زیاتر لەوەدایە کە رژێم توانیویەتی زۆر بە ئاسانی و هەلپەرستانە، سوود لە شوێنی ستراتیژی عێراق وەر بگرێ و وەك کەری ناو

جۆگا لە هەردوولا بخوا و چەك و پاڵپشتی دیبلۆماسی لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بەدەست بێنێ...
بەڵام گەر تەنیا سەیری شۆڕشی کوردستانی خواروو بکەین دەبینین لە تەمەنی 26 ساڵیدا دوای ئەیلولی 1961 هیچ نیشانەیەك نییە کە وەکو بزووتنەوەیەکی (نا) ناوچەیی، نیشتمانی ڕزگاریخواز بیناسێنێ.. تەنانەت ئۆتۆنۆمی 11 ی ئازاری 1970ش کە گەورەترین دەسکەوتی بزووتنەوەی کوردە، لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە، وەك (بەخشیشێکی) بەعس وەرگیرا، نەك وەك ڕیکەوتننامەیەك کە کورد وەك لایەنێکی سەربەخۆ، خاوەن ماف و قەوارە، ئیمزای کردبێ یان هێزێکی سێیەمی بێگانە نێوانچی بێ، یان لە پایتەختی وڵاتێکی تردا (ڕێکەوتننامە) ئیمزا کرا بێ، وەك بۆ نموونە، بزووتنەوەی خوارووی سوودان لە (ئەدیس ئەبابا) کردیان...

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەیتوانیوە تەنانەت لە ڕووی ئیعلامی و ئایدۆلۆژیشەوە خۆی وەکو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی سەربەخۆی خاوەن ئامانج و ستراتیژی و بەرنامەی ڕوون و دیاریکراو نیشان بدات. جگە لەمەش لەو دەردەکوردە ڕزگاری نەبووە کە لە هەموو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکەدا خۆیان دەرخستووە، لەوانە:

1.خۆکاریی (عەفەوییەتی) بزووتنەوەکان، زیاتر وەك بەرپەرچ دانەوەی هێرشی داگیرکەران (رد الفعل) درووست بوون نەك وەك دەربڕینی مێژووی هەلومەرجی ناوخۆیی. بۆیە زیاتر بزووتنەوەی بەرگری بوون بۆ خۆ پاراستن، نەك شۆڕش بۆ گۆڕان و یەکخستنەوەی نیشتمان و نەتەوە.
2.نەبوونی ستراتیژ و بەرنامەی زانستی و تێڕوانینی درێژخایەن و لێکدانەوەی وردودرشتی هەموو ئیحتیمالاکان، بۆیە زیاتر تەکتیك بەسەر ستراتیژیدا زاڵ بووە. تەکتیکەکەش بەخت و ڕێکەوت و (واقیعی حاڵ) دیاری کردووە نەك شیکردنەوە و بۆچوونی زیرەکانە.. چونکە تەکتیك ئەو کاتە زیرەکانە و کاریگەر دەبێ، کە ستراتیژ هەبێ و لە خزمەتیدا بێ.
3.کە شاڵاوی داگیرکەر کپ بۆتەوە، بزووتنەوەی کورد یان سست و خاو بۆتەوە و خۆی لەگەڵ واقیعی داگیرکردندا گونجاندووە، یان لەو کاتانەدا کە هێمن و ئاشتی هەبووە و مەودای لێکۆڵینەوە لێکدانەوە و داڕشتنی بەرنامە و ستراتیژی درێژخایەن هەبووە، لە جیاتی ئەمە ناکۆییە لاوەکی و خێڵەکییەکان و شەڕی برا کوژیی سەریان هەڵداوەتەوە و بزووتنەوەکە لە ناوەوە خۆی بێ هێز و شکست خواردوو کردووە.
4. لە هیچ کاتێکدا بزووتنەوەی کورد شیکردنەوەی لایەن و دووری جیهانی مەسەلەی کوردی نەکردووە و ئیحتمالاتەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتنی لەم

بۆچوونەوە هەڵسەنگاندوون و هەوڵی نەداوە ببێتە مەسەلەیەکی جیهانی یان نێونەتەیی لەگەڵ پاراستنی هەوێتی و کەسێتی سەربەخۆی بزووتنەوەکە.

5.لەبەر چەوساندنەوەی مێژوویی بەردەوام ڕاپەڕینەکانی نەتەوەیی نوێی کورد زیاتر ڕاپەڕینی گەلی جەماوەی بوون و بزووتنەوە و ئامادەیی جەماوەر بۆ قوربانی هەمیشە لە توانای حیزب و سەرکردایەتییان بۆ ڕێکخستن و ڕابەری کردن و بە ئەنجام گەیاندنی زیاتر بووە.

بیر خستنەوەی ئەم چەند خاڵەی سەرەوە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی واقیعی ئێستاشمان یەکجار گرنگن.. ڕاستە لە کۆتایی ساڵی پارەوە یەکێتی و هاوڕێزیی و هاوخەباتییەکی کاریگەر و پیرۆز لە نێوان هێزەکانی کوردستانی خواروودا پێك هاتووە... ئەم هاوخەباتییە لە مەیدانی خەبات و جەنگی بەرگریدا، هەروەها لە مەیدانی ڕاگەیاندن و پێوەندی سیاسیدا بە شێوەیەکی ئیجابی پێشکەوتوو ڕەنگی داوەتەوە... بەڵام ئەوەی پێویستە هەموو جەماوەری کورد زیاتر و زیاتر بیسەلمێنێ و لە سەری سوور بێ، پەرەسەندنی ئەو هاوخەباتییەیە بۆ ئاستێکی ستراتیژی هەمیشەیی کە ئەمەش خۆی لە ڕێکخراوێکی نیشتمانی باڵای خاوەن بەرنامە و ئامانجی ڕاستی و ڕوون و ئاشکرا و سیاسەتی دیاریکراو دا دەردەبڕێ.

بە بێ بەرزکردنەوەی یەکێتی ریزەکان بۆ ئەم ئاستە گومانی ئەوە دەکرێ، ئەو ڕێکەوتن و هاوکارییانە تەنیا ئەنجامی بارودۆخە بابەتییە دژوارەکە بن واتە:

1.بۆ خۆپاراستن و کۆمەك بەیەك کردن دژی شاڵاوی قەڵاچۆ کردنی بەعس.

2.بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئێران، بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك لایەنێکی تر تاوانبار بکا.

بەڵام خەباتی قارەمانانەی پێشمەرگە و جەماوەر یەکێتی ستراتیژی پتەو و هەمیشەیی دەوێ. دیارە بزووتنەوەی کورد ناتوانێ بەرە ڕووی ئەرکە سەختەکانی قۆناغی ئێستا ببێتەوە ئەگەر ستراتیژی دیار و چەسپاو و درێژخایەنی بۆ هەردوو لەم مەبەستانەی سەرەوە نەبێ. ئەمڕۆ جەماوەری کورد جارێکی تر سەلماندی کە هەمیشە ئامادەی ڕاپەڕینی میللی و قوربانیدانی بە کۆمەڵە.. بەیاننامەی حیزبە نیشتمانییەکان دەری دەخا کە جەماوەر لە هەڵەبجە و ڕەواندوز و شەقڵاوە و... سەرانسەری کوردستاندا، پێشڕەو بووە لە بەربەرەکانی شاڵاوی وێران کردن و ڕاگوێزان و بە عەرەب کردن و لە زۆربەی کاتدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هانای ئەوانەوە چووە... ئەو جەماوەرە هەقێتی لە ئاکامی خوێن و خەباتەکەی دڵنیا بێ..

جا ئەگەر ئەمڕۆ هێزەکانی کورد گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگایەك بۆ دەرچوون لەم گێژاوە و بەرهەڵستی بەعس، هاوکاری کردنە

لەگەڵ ئێران، ئەوا دەبێ چۆنیەتی و ڕێباز و ئاکامی ئەو هاوکارییە بۆ جەماوەر و ئاشکرا بێ... ئەگەر لەم ڕۆژ و کات و قۆناغەدا ڕژێمی ئێرانی ئامادە نەبێ دان بە بوون و مافی کوردا بنێ و ئەو مافە بە کوردی عێراق بدا کە خۆیان چارەنووسی خۆیان لە ڕێگای پرس پێ کردن (استفتا) یان هەڵبژاردن بۆ نمونە دیاری بکەن، ئەوا سبەینێش کە سووپا و پاسدارانی ئێران کوردستان یان عێراق داگیر بکەن، نەك هەر مەسەلەی کورد نامێنێ بەڵکو دەبێتە یەکێك لە کوفرە گەورەکان. بۆیە تەنیا چاوەڕوانی و هەوڵدانی درێژ کردنەوەی ساتری قەنارەکە بەس نییە. بزووتنەوەی کورد دەبێ هەموو ئیحتیمالاتەکان بە وردی دەرس بکا و هەڵوێستی یەکگرتوو بەرامبەر مەسەلەکان وەر بگرێ.. بە تایبەتی دەبێ هێزەکانی کورد بە هاوکاری و هاوهەڵوێستی هێزەکانی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی عێراقی لە رادەی هاتنە ناوەوەی هێزی ئێرانی راددەی سەپاندنی دار و دەستەی خۆی بەسەر عێراقدا دڵنیا بن و هەڵوێستی یەکگرتووی بەرامبەر وەر بگرن.. ئیحتیمالی کودەتا و ڕوخاندنی صەددام گەرچی هەر دەمێنێ بەڵام دوورە.. شەڕی عێراق و ئێران زیاتر و زیاتر لایەن و (بوعدی) نێونەتەوەیی وەردەگرێ. ئەمریکا بە ئاشکرا پاڵپشتی خۆی بۆ عێراق دەدەبڕێ. ڕۆژاوا دەمێکە (هەر وەك بەرنامەی پانۆرامای BBC پار نیشانیدا) ئاگاداری دروست کردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییە لە لایەن عێراقەوە و دەنگیش ناکا.. لەم ناوەدا تەنیا ئەو کاتە مەسەلەی کورد دێتە ئاراوە کە کورد لە ڕێگای یەك بەرە و یەك ستراتیژی یەکگرتووەو بسەلمێنێ کە هەیە و هەر لەو ڕێگایەشەوە زیاتر مەسەلەی نێونەتەوەیی بکا و خۆی بکاتە لایەنێکی بەهێز و سەبەخۆی ڕووداوەکان (نەك پاشکۆی ئەم و ئەو) و هاوپەیمانییەکی فراوان و زانستی لەگەڵ هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانی خۆرهەڵاتی نێوەند و جیهاندا دروست بکات زیاتر و زیاتر جیهانی کردنی مەسەلەی کورد بەدەست بێنێ.